السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەی گەنج وتازە پێگەیشتوو، هەندێک وشە و زانیاریت فێر دەکەم: سنوورەکانی خودا بپارێزە؛ ئەوا خودا دەتپارێزێت، سنوورەکانی خودا بپارێزە؛ ئەوا دەبینیت خودا لە هەمو کارێکدا لەگەڵتدایە (ویارمەتیدەرتە)، ئەگەر داوات کرد؛ ئەوا تەنها داوا لە خودا بکە، وە ئەگەر داوای یارمەتی وپشتیوانیت کرد؛ ئەوا تەنها داوا لە خودا بکە

لە ئەبی عەباس، عبد الله ی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ڕۆژێکیان لە پشتی پێغەمبەری خوداوە بووم -صلى الله عليه وسلم-؛ فەرمووی: ئەی گەنج وتازە پێگەیشتوو، هەندێک وشە و زانیاریت فێر دەکەم: سنوورەکانی خودا بپارێزە؛ ئەوا خودا دەتپارێزێت، سنوورەکانی خودا بپارێزە؛ ئەوا دەبینیت خودا لە هەمو کارێکدا لەگەڵتدایە (ویارمەتیدەرتە)، ئەگەر داوات کرد؛ ئەوا تەنها داوا لە خودا بکە، وە ئەگەر داوای یارمەتی وپشتیوانیت کرد؛ ئەوا تەنها داوا لە خودا بکە، وە بزانە بەڕاستی ئەگەر هەموو مرۆڤەکان کۆببنەوە بۆ ئەوەی بەشتێک سودت پێبگەیەنن؛ ئەوا سوودت پێ ناگەیەنن تەنها بە شتێک نەبێت کە خودا بۆتی نووسیووە، وئەگەر کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك زەرەر وزیانت پێ بگەیەنن؛ ئەوا زەرەر و زیانت پێ ناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خودا لە سەرتی نووسیووە، قەڵەمەکانی نووسینی قەدەر هەڵگیراون، وپەڕەکانیش وشك بوونەتەوە». ولە گێڕانەوەی (تیرمزی)دا: «سنوورەکانی خودا بپارێزە؛ ئەوا دەبینیت خودا لە پێشتدایە (ویارمەتیدەرتە)، خودا بناسە لەکاتی خۆشیدا؛ ئەوا الله دەتناسێت لەکاتی ناڕەحەتیدا، وبزانە ئەوەی دەستت نەکەوتووە بەشی تۆ نەبووە وبۆ تۆ نەنوسراوە، وئەوەی بەشی تۆیێت وبۆ تۆ نوسرابێت هەر بۆ تۆیە ولەکیست ناچێت، وبزانە کە سەرکەوتن لەگەڵ ئارامگرتندایە، وخۆشی وفراوانی لەگەڵ نەهامەتی دێت، ولەگەڵ ناڕەحەتیدا ئاسوودەیی دێت».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه الترمذي وغيره)]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک کە گەنجێکی تازە پێگەیشتو بوو لەگەڵ پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- بەسوواری ڕێیان دەکرد، - وپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: من هەندێک شتت فێر دەکەم کە بەهۆیانەوە خوای گەورە سوودت پێدەگەیەنێت: فەرمانەکانی خودا بپارێزە وخۆت بەدوور بگرە لە نەهی لێکراوەکان، بەشێوەیەک لە عیبادەت وپەرستندا بتبینێت، ولە کردنی تاوان وگوناهدا بوونت نەبێت، ئەگەر بەم شێوەیە بیت ئەوا پاداشتی تۆ ئەوەیە خودا دەتپارێزێت لە ناخۆشی وناڕەحەتیەکانی دونیا وقیامەت، وسەرت دەخات لە ئەرکەکانت لە هەرشوێنێک بیت. وئەگەر ویستت داوای شتێک بکەیت ؛ بەتەنها داوا لە الله بکە والله وەڵامی داواکاران دەداتەوە. وئەگەر ویستت داوای یارمەتی و بەهاناوە هاتن بکەیت ؛ ئەوا تەنها لە الله داوای بکە. ودڵنیابە لەوەی ئەگەر هەموو سەر زەوی کۆببنەوە بۆئەوەی سوودێکت پێبگەیەنن؛ ئەوا ناتوانن ئەو سوودە بە تۆ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە ئەو سوودەی بۆ تۆ نووسیبێت، وهیچ زیانێک تووشت نابێت ئەگەرچیش هەموو خەڵکی سەر زەوی کۆ ببنەوە لەسەر زیانگەیاندن بە تۆ؛ مەگەر خوای گەورە ئەو زیانەی لەسەر تۆ نووسیبێت. وئەمانە هەمووی خوای گەورە -عز وجل- نووسیویەتی لە قەدەردا بەپێی زانست وحیکمەتی، وئەوەی خودا نووسیویەتی ناگۆڕێت. وهەرکەسێک فەرمانەکانی خودا جێبەجێ بکات و دووربکەوێتەوە لە نەهیلێکراوەکانی؛ ئەوا خودا -سبحانه وتعالى- لە پێشی دەبێت و دەزانێت لەسەر چییە و یارمەتی دەدات و پشتیوانی دەکات. ومرۆڤ ئەگەر لە کاتی خۆشیدا گوێڕایەڵی خودا بکات؛ ئەوا خودا لە کاتی تەنگانەدا دەرچەی ڕزگاربوونی بۆ ئاسان دەکات، ودەبێت هەموو بەندەیەک ڕازی بێت بەوەی کە

خودا بۆی دیاری کردووە لە خێر و شەڕ. و لەگەڵ تەنگانە و تاقیکردنەوەکاندا؛ دەبێت بەندە پابەندی ئارامگری بێت، چونکە ئارامگری کلیلی ڕزگاربوونە، و ناڕەحەتی وناخۆشی ئەگەر توند بوو؛ ئەوا ڕزگاربوون لەلایەن خوداوە دێت، و ئەگەر بارودۆخ سەخت بوو؛ ئەوا خودا بەدوایدا ئاسانی دێنێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66522